کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 4-12-2007 1:09

## ئەو خوێنەرە چەواشەیە.... ئەحمەد محمد ئابلاخی



پێشەکی ئەمەوی گلەییی ئەوە لە کاك عومەر فارس بکەم کە چۆن ئەوەی بە سەرا تێپەڕی کە جارێکی تر یەکێك لەو بەڵگە نامانەی بڵاو کردۆتەوەو ناوی منی تیا نەبوە ئەمجارە ئەبو ئەوەی بزانیایە کە ناوی منی بۆ زیاد کراوە ئەوە دەلیلی ئەوەیە بە ڵگە نامەکە تزویر و درۆیە ئەمەوی بۆ ئەوەی خوێنەر چەواشە نەکرێت ئەم ڕاستیە بە کورتی بخەمە ڕو کە کاتی خۆی بە نامیلکەیەك بڵاوم کردۆتەوە / کاتی ڕاپاڕین سەدان بەڵگە نامە کەوتە بەردەست و سەدان پەڕەی بە تاڵ لە فۆرمی ئەمن کە هەرکەس ئەیتوانی بە ئارەزوی خۆی بۆ کێیی بوی پڕی بکاتەوە، کاتی کە هاوڕێکەی ئاسۆی قومری ئەو بەڵگە نامانەی لە سەر من دروستکرد لە تۆڵەی ئەوەی کە نامیلکەیەك لەسەر جاسوسیەت و خۆفرۆشی ئەو دەرچوبو بە نوسینی منی ئەزانی هەرچەندە من ئاگام لی نەبوو خۆشی ئەیزانی ئەو زانیاری و بەڵگە نامانە لەسەر ئەو هەر لای حیزبە کان هەبوو لای من نەبوو تا شتی وای لەسەر بنوسم، بەڵام پیویستم بە پاکانە نەبوو چونکە ئەوانەی لە سەری ووترابوو ئاشکراو حاشا هەڵنەگر بوون ئیتر هەر کەس نوسیبنی / ئەو بەڵگە نامانەی لێرەدا بڵاو کراونەتەوە سەرەتا لە کۆمیتەی سرچناری (ی ن ك) فڕی درابوون دوای 3 ساڵ ڕاپڕین، منیش وەك مافێکی خۆم کە دورن لە منەوە و هیچ ڕاستیەکیان تیا نەبوو من لە بەرواری ئەو بەڵگەنامانە ڕاکردوو بوم لە خزمەتی سەربازی و داواکراویش بووم لە ئەمنەوە بە هۆی برایەکمەوە کە لە دەرەوەی کوردوستان بوو، زیاتر لە 700 کرێکارو فەرمانبەری کارگەی چیمەنتۆش شایەدی هەڵوێستی منن کە ڕۆژێك لە ڕۆژانی ژیانم نە جاش و نە جیش شعبی و نە بەعسی بووم و نە بێزیشم هاتوە کە وەرەقەی افواج خفیفە بخەمە باخەڵم و ریکخستنی سلێمانی (کاك حمە تایەر شێخ محمود) لە ڕێگەی مۆری ساختەی تەجنید کە بۆ کاری خۆیان دروستیان کردبوو دەفتەری خزمەتی عەسکەریەکەیان بۆ پر کردبومەوە کە سەربازی نامگرێتەوە، وەك وتم بۆ شوینکەوتنی مافی خۆم لای مەڵبەندی یەکی سلێمانی (ی ن ك) سکاڵام لەسەر کۆمیتەی سەرچنار تۆمار کرد و گەیاندمە دەستی بەڕێزان مولازم عومەرو عومەری سەید عەلی، دوای پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە بە ئە ندامێتی شێخ عبدول کە ئەوسا لێپرسراوی کۆمیتەی سرچنار بوو دەقی ئەو بەڵگە نامانە لە ئەرشیفی دەسگاکانی خۆیان دۆزرایەوە بە هەمان ژمارەو بەروارەوە کە هیچیان ناوی نەك من بە ڵکە ئەوانی تریشی پێوە نەبوو، بە ڵگە نامەی یەکەم لیژنەیەك بوو بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەری پەیمانگا (قیس) و دوو مامۆستای تری پەیمانگا کە پیویست ناکا من لێرەدا ناویان بهێنم، بەڵگە نامەی دووەمیش بە هەمان ژمارەوە بەرواروە بە ناوی پەیامنێرێکی چالاکی ڕۆژنامەی ئاسۆوە بوو کە من ئەوکاتە لە ڕۆژنامەی ئاسۆ دەر کرابوم لەبەر ئەوەی بەعسی نەبوم و ئامادەش نەبووم ببم بە بەعسی و ئەم حقیقەتەش عبدالوهاب تالبانی و سەلاح شوان ئاگادارن لە هرشوێنێکی ئەم دنیایەن با بۆتان بنوسن ئەگەر ئەم قسانەی من ڕاست نین، دەرکەوت هاوڕێکەی ئاسۆی قومری ئەو بەڵگە نامانەی تەزویر کردوەو لە ڕێی ژنبراکەیەوە کە سەر بە کۆمیتەی سەرچنار بو ناردویەتی ئەوی و لە شوێنێکی پەنادا دای ناوە تا بکەوێتە دەست خەڵك بە بی ئەوەی لە سەر کەس بکەوی دەنا ترس چی بوو کە بە ئاشکرا بە ناو خەڵکا بڵاو بکرێتەوە ئەگەر ڕاستن و دروستکراو نین، بەڕیز بڕۆیت وەڵامی ئەو زاتە بدەیتەوە کە پاشەڵتی هەڵماڵیبو لە کوردوستان نێتدا لە وەڵامیکی نەبەز گۆراند باشترە لەوەی من بخەیتە پاڵ خۆت چونکە ئەزانی ڕابوردوی من و تۆ زۆر لەیەکەوە دورن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.